# کۆچ

**یووسف لەتیف**

دیسانەوە کۆچ
کۆچ بەپشتی پانایی دەریا
بۆ لای بەرچنەکانی خەیاڵ
بۆ ئەو شوێنەی پەپوولەکان لە پێکەنینا
بەچڵی گوڵەکانەوە وشک دەبن
بۆ ئەو هەسارەیەی جەنگاوەرەکان
تفەنگەکانیان دەکەنە فلچە و وێنەی
کۆتری پێ ئەنەخشێنن
بۆ ئەو مەملەکەتەی
کەمانچە دەژەنن لەجیاتی ژاوەژاوی سیاسەت
بۆ ئەو زەوینەی بۆی ڕەیحانەی لێیە
لەجیاتی هەناسەی barووت

❊ ❊ ❊

من دەڕۆم و ئەو ڕێگایە دەسپێرمە تاریکایی
شوێن پێکانم دەچنەوە کێوی توور
هاوارەکانم دەگەیەنمە خودا
پێی دەڵێم
دەسا دەستی ئەو تەورانە ببڕە
کە دار دەکەنە باڵای خۆیان و
ملوانکە دەکەنە گەردنیان
لە ڕۆژێکدا پشوو بە هەنگاوەکانم دەدەم
بە دەم عەسرە چاییەکەوە بیرەوەرییەکانم
بە جگەرەیەک دادەگیرسێنم
سوتووی خەونەکانم لە نێوان پەنجەکانم بەردەبنەوە

❊ ❊ ❊

لێرە تا چاو بڕکا گۆزەی لێیە
گۆزەیەک لە قەراخ ڕووبار تەڕدەکەم
دووبارەی دەکەمەوە
دەیڕێژم
پڕی دەکەم لە مەراقی دەریا و
لاری دەکەمەوە
لێوان لێوی دەکەم
لە فرمێسکی دەریا و



دەیکەمە شیعر
تژی دەکەم لە شەونمی دەریا و
عارەقی شەرمەزاری پێ دەڕێژم
پڕی دەکەم لە مەراقی دەریا و
عارەقی شەرمەزاری پێ دەڕێژم
پێی دەڵێم هەناسەتم بدەرێ
پێی دەڵێم لێوت بکەوە
لەتینوێتیدا خنکام

* * *

تا دەتوانم گۆزەکەم لە کۆڵانی دەریا دەشارمەوە
بەدیار تریفەی مانگەوە
لە زەردەخەنەی بەدەم سەماوەی ورد دەبمەوە
تا دێ شەپۆلان مۆسیقا لێدەدەن و
منیش لە باوەشی مانگدا سەما دەکەم
تا دێ دەچینە ناو یەکەوە و
دەستمان لە کەمەری یەک توند دەکەین و
هەناسەمان هارمۆنیایەک دروست دەکا
کێ دەزانێ مانگ لە ئاسمانە
یا لە زەوی

* * *

ڕووبار موچوڕکی پێ دەکەوێ و
مشتێ ئاو لە دەستی بەردەبێتەوە و
دەموچاوی سڕم دێنێتەوە سەرخۆ
دیسانەوە ژیان
دیسانەوە مەراق
نیوەڕۆ بخەوە و
شەو بنوو
بەیانی هەستەو
عەسرو ئێوارانیش بنوو

* * *

گۆزەیەکم پێ دەوێ
نەسلی بچێتەوە سەر خۆڵ
ڕەنگی بمباتەوە ناو باخچە
بیرەوەری بمفڕێنێ بۆ کۆماری ئەفلاتوون
بۆ مەملەکەتی یوتوبیا
سەری نەویکاتەوە بۆ تینوێتیم
لێو بخاتە بنگوێم و بڵێ
ئەو پەنجانەی شان و پشتمیان ئەشێلا

بوونە شمشاڵ و
لە قرچە قرچی گەرمایا
پیرێژنێک دەیخاتە سێبەری
سینگی ماڵە چاوەڕوانکراوەکەیەوە و
دەڵێ تا دوا هەناسە
تا دوا نیگا
من لێرەم
هەر چاوەڕێم
بگەڕێرەوە